**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٤ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧

## یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دوو خولی گرێدانی تر (دورتي الانعقاد) لە کاردا دەبێت لە بەرواری (٢٠١٧/١١/٦)ەوە.

**ماددەی دووەم:**

دەستەی سەرۆکایەتی رێکخستنی ماوەی گرێدانی خولی یەکەم و دووەمی ماوەی درێژکراوە لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی سێیەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ماوەی (١٠ ) رۆژ لە بەرواری پەسند کردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەردەچووێندرێت و، لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلأو دەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان ـ عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هـەموار کراو، و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هـەموار کراو، رۆژی (٢٠١٧/١١/٦) کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلـەمانی کوردستان ـ عێراقە، ئەو ماوەیەش لە تەواو بوون دایە بێ ئەوەی بـارودۆخێکی گونجـاو بـۆ گـەلی کوردستان بڕەخسێ تا مافی خۆی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ خولی پێنجەم پیادە بکات، هـەمووان بە هیوا بووین ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە ریفراندۆمی سـەربەخۆییان تێـدا ئەنجامدراوە، هەڵبژاردنی گشتی تێدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بە داخـەوە لـە ئێسـتادا ناتوانرێـت ئەمـە بکرێت، بۆیە بەرقەراربوونی ئارامی لەو ناوچـانەو بەشـداری پێکردنیـان لـە هەڵبـژاردن و گشـت مەسەلە چارەنووسسازەکان ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشـتمانییە، وە بـە مەبەسـتی پاراسـتنی یـەکریزی نیشتمانی و نزیکی لایەنە سیاسیەکان و نەترازانی ریزەکـانی گـەلی کوردسـتان و، هـەروەها نـوێ کردنەوەو بژار کردنی تۆماری دەنگدەران لەلایـەن کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆیی هەڵبـژاردن و راپرسی و ئەنجامدانی ئامادەکاری لۆجیسـتی بـە کوالیتیـەکی بـەرز بەتایبـەت دوای راگەیێـدراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی بەراگرتنی رێو شوێنەکانی پرۆسەی هەڵبـژاردن و لەبەر نەبوونی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کە بەپێی ماددەی (٤) لـە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان ـ عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ هـەموار کـراو دەبێـت دەنگـدان بـۆ هەڵبـژاردنی سـەرۆکی هـەرێم لـە کـات و سـاتی هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەنجام بدرێت....... ئەم یاسایە دەرکرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە**<br>**سـکرتێری پەرلەمـانی**<br>**کوردسـتان ـ عیراق** | **جعفر إبراهیم ئێمینکی**<br>**جێـگری سـەرۆکی پەرلەمـانی**<br>**کوردستان ـ عیراق** | **یوسف محمد صادق**<br>**سـەرۆکی پەرلەمـانی**<br>**کوردسـتان ـ عیراق** |